# مافەکانی هاوڵاتیان لەنێوان گلەیی‌و رەخنەگرتندا

دیار عەزیز شەریف

تائێستا دەنگی نارەزایی هاوڵاتیان لەبەرامبەر بەشخوران‌و نایەکسانی‌و نەبوونی دادپەروەری لەواقیعی ژیانی رۆژانەدا، تەنیا زمانی گلەیی‌و گازاندە بووە، نەوەکو رەخنەو رەخنەگرتن بێت لە دەسەڵات، دیارە جیاوازییەکی بنەرەتی لەنێوان هەردوو چەمکی (گلەیی–رەخنە) لەئارادایە، بەرادەیەك هەڵەیەکی گەورەیە گەر هەردوو زاراوە لەیەك واتاو چەمکدا کورتبکرێتەوە، چونکە وەرگرتن‌و مومارەسەکردنی هەریەکە لە (رەخنە)و (گلەیی) بەجۆرێك‌و شێوازێکەو دواجاریش هەریەکەیان بەجیا لەیەکتری دەرەنجامی جیاواز دەخەنەوە، چونکە چەمکی گلەیی‌و چەمکی رەخنە یەکەمجار دەرهاوێشتەی دوو کولتووری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی تەواو دژکارو جیاواز لەیەکترن، بۆیە دوو ئامرازی جیاوازی زمانەوانین کە بەهۆیانەوە تەعبیر لەدوو شێوە هەڵویستی جیاوازی مرۆڤ دەکرێت لەبەرامبەر واقیعی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا، لەبەرئەوە ئەگەر بوونی کولتووری رەخنە لەکۆمەڵگایەکدا مانای بوونی ئیرادەو توانای عەقڵی‌و زیندوێتی تاکەکانی بگەیەنێت، ئەوا بێگومان بەکولتووربوونی گلەیی رێك پێچەوانەی ئەم سیفەت‌و تایبەتمەندییانە دەگەیەنێت، چونکە لەکولتوورێکی کراوەدا کە رەخنە لەدەرگای هەموو سیستەم‌و دەزگاو شوێنە حکومیەکانەوە دەچێتەوە ژوورەوە، ئەوا کەشێك دەخوڵقێت کە هەموو دەنگە جیاوازەکانی تیادا کۆدەبێتەوە، بەمجۆرە نەریتی دیالۆگ فەزای دەسەڵات لە گەندەڵی‌و سەرکوتکردن‌و ئێکسپایەربوون دەپارێزێت، بەڵام لە نائامادەگیەکی کرداریانەی دیالۆگی کراوەو ئازادە کە دواجار دنیای ئێمە دەبێتە وێرانەیەك کە مرۆڤ تیایدا سەرگەردان ببێت، لەراستیدا نەریتی گلەییکردن لەنێو ئێمەی کورد شتێکی بۆماوەیە، واتە لەهەردوو بواری کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە شتێکی نویٚ نییە کە ئێستا تووشی هاتبین، بەڵکو زمانی گلەیی هەڵهێنجاوی کولتووری خێڵ‌و دەسەڵاتی داگیرکەرییە لە کوردستاندا، کەواتە زمانی گلەییکردن بۆ دەربرینی نارەزاییە پەنگخواردووەکانی ناخی ئینسانی کورد، رەگورێشەیەکی قووڵی لەنێو مێژووماندا هەیە.

بەم شێوەیە هەردوو ئامرازی دەنگهەڵبرینی نارەزایی (گلەیی–رەخنە) لەرووی چەمکەوە لەیەکتری جیاوازن تا ئەو رادەیەی دەرەنجامی زۆر دژ بەیەك دەخەنەوە، دووەمین لەسایەی جیاوازی نێوان ژینگە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکە قووڵتردەبێتەوە، گلەیی نەریتێکی هەڵچووناویی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەرووی دەسەڵاتەوە، کاردانەوەیەکی ناعەقڵانییە بەرووی ستەم‌و زۆرداریدا، گلەیی دەنگێکی خەمگینە هەمیشە لەغیابی دەسەڵاتەوە بەشێوەیەکی پچڕ پچڕو عەفەوی

باس لە هەندێ کەم‌و کورتی‌و ناڕاستیەکانی دەسەڵات دەکات، دەنگێکە بەناو شەرم‌و ترس‌و شکستییەکانی ناخدا تێپەڕیوە بۆ دنیای دەرەوە، بۆیە لەبری ئەوەی هێزێك بێت بۆ گۆڕینی واقیع‌و نەهێشتنی زوڵم‌و ستەمکاری، کەچی نیشانەیەکە بۆ دەرخستنی بێئیرادەیی‌و لاوازی ئینسانەکان، مانای نغرۆبوونی کۆمەڵگە دەگەیەنێ لەنێو بێدەنگی‌و دەسبەرداربوون لەمافە مەدەنیەکان، کەواتە لەڕێی شوێنکاتی نادیارو پەراوێزەوە گوێبیستی کۆدەنگی هاوڵاتیان دەبین لەبارەی خەم‌و زامە ساڕێژنەکراوەکانیان، گلەیی‌و گازاندە لە نادادپەروەری کۆمەلایەتی وەك دەرەنجامێك لە دەرەنجامە ترسناکەکانی دەسەلاتێکی سیاسی نادیموکراسی، یانیش گلەییکردن لەبەرامبەر رووداوە چارەنووسسازو گرنگەکانی ڕەوتی کۆمەلایەتی‌و سیاسی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر مرۆڤەکان بەگوێرەی ئەو توێژەی کەتیایدانە، بەلام کاتێ لەهەمبەر رووداوو پێشهاتەکان هەڵگری زمانێکی گلەیی‌و گازاندەیی دەبین، ئەوە زۆر زەحمەتە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤمان بەسەر ئاراستەی رووداوە کۆمەلایەتی‌و سیاسیەکانەوە هەبێت، جگە لەوەی گلەییکردن لەبێتوانایی‌و بێویستییەکی قووڵی مرۆڤەوە دێت، ئەوە بەتەریب لەگەڵ ئەمەشدا خودی ئەم نەریتەی کە ساڵەهای ساڵە ژیانی کوردی تەنیوە، هەر خۆی تێڕوانینی مرۆڤ بەڕەشبینیەکی هەمیشەیی‌و دەستەوەسان لەبەرامبەر شکستەکان بارگاوی دەکات، دواجار ئەوەی لە نەریتی گلەییکردنەوە دەمێنێتەوە بێئاگابوونێکی تەواوە لە حەقیقەتی واقیع‌و خودی مرۆڤەکان خۆشیان، بەلام ڕێك رەخنەگرتن نەریتێکی پۆزەتیڤانەی گەیاندنی بۆچوونە جیاوازەکانە لەبارەی نەخشەکێشانی ژیانی کۆمەلایەتی گشتییەوە. بێگومان هەموو سیستەمێکی دیموکراسی بەبێ بوونی رەخنەیەکی راستەقینە دەکەوێتە ژێر پرسیارێکی گەورەو هەمیشەیی، بۆیە ئەرکێکی مێژووییە ئەو خاڵە تێبپەڕێنرێ، بەوەی چیتر درێژە بەزمانی گلەیی‌و گازاندە نەدەین، کە زیانی گەورەی بەسەر چارەنووسی کۆمەڵگاوە هەیە، چونکە ئەگەر کرداری رەخنەگرتن جەستەی کۆمەڵگا لە نەخۆشیە هەمەجۆرەکان بەدوور بگرێت، ئەوا میراتی گلەییکردن‌و لێڕاهاتن لەسەری کۆمەڵگا بەرەو داتەپێنێکی ترسناك پەلکێش دەکات، وەك ئەوەی کە لە زۆر رووەوە دوچاری هاتوین، بەلام هەمیشە بەکۆمەڵێ ماسك‌و روپۆشەوە راستیەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردیدا دەخرێنە خانەی نهێنیەوە.

ژیانی کۆمەلایەتی‌و سیاسی ئێمە نوقمی نێو گلەیی‌و گازاندە بووە، چونکە ئەم نەریتە لە رابردوودا بەهۆی سروشتی سەرکوتکارانەی دامودەزگاکانی رژێمی بەعسەوە بەسەر سایکۆلۆژیەتی ئینسانی کورد سەپاوەو جێگیربووە، دیارە لەهەموو سەردەمێکدا لایەنە کۆمەلایەتیەکە بەهانەکانی بەیەك جۆر بەر سایکۆلۆژییەتی تاکەکان دەکەوێت، بەلام لەرووە سیاسیەکەوە لەدوای ئەزموونی کوردییەوە شوکێکی گەورەیە سەبارەت بەئینسانی کورد (بەتایبەت گەنجەکان کە زۆرترینی ئەو ئازارەی بێدەنگبوونی بەردەکەوێت)، چونکە مانەوەی نەریتی گلەیی‌و گازاندە لە ئێستادا بەرلەوەی مانای

بێئیرادەیی مرۆڤەکانو درێژبوونەوەی چەپاندنو ونبوونی مافەکان بێت، ئەوا نیشانەی مانەوەی هەموو زاراوەکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤو مەدەنیەتە لەشوێنی خۆیان وەك دروشمێکی رازاوە، بەو مانایەی شوێنی نەریتە نادیموکراسیەکان بەهەموو زاراوەو چەمکەکانەوە بگرێتەوە. لێرەدا مەبەست لەبوون یان نەبوونی رەخنەیەکی جەماوەرییە، رەخنەیەك بەکردار رێگە لەناعەدالەتی کۆمەڵایەتیو گەندەڵیە ئیدارییەکان بگرێ، ئەگینا لەڕووە تیۆرییەکەیەوە دەکرێ بڵێین سەرەتایەك لە رەخنەگرتن لەئارادایە، بەڵام ئەویش لەنێو نوخبەیەکی سنووردراری بواری رۆشنبیریی گیری خواردووە، بەواتا نەبووەتە رێورەسمێکی ژیانی ئاسایی رۆژانە.

راستە پەراوێزێك بۆ ئازادی هەیە، (ئەمە ئەگەر لەنێو فەرهەنگی ئازادیدا شتێك هەبێت بەناوی "پەراوێزێك بۆ ئازادی؟!")، بەڵام ئەو پەراوێزە توانای ئەوەی نییە وزەیەکی وا ببەخشێت کە دیاردەیەکی وەکو خۆپیشاندانی لێبکەوێتەوە، بەدیوێکی تریشدا هەمان پەراوێز لە ئازادی لەبەرئەوەی "پەراوێز"ە کەواتە کاریگەرییەکی زۆر کەمی بەسەر ئاراستەی کولتووری سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، بۆیە ئەو جۆرە دەنگهەڵبڕینو رادەربڕینەی لێرەو لەوێ لە کۆڕو لەنێو رۆژنامەکاندا دەیبیستین، رەخنە نییە بەمانای راستەقینەی وشەکە، بەڵکو گلەییکردنە بەڵام گلەییەك کە بەشێوەیەکی زەقو هەڵچوونئامێزانەوە دەبیسترێت، چونکە بێجگە لەهەزمکردن یان نەکردنی گوتاری رەخنە لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەوا رەخنە پێویستی بەخودێکی وشیارە کە هەڵگری باکگراوندێکی مەعریفی بێت، کە ئەمەش لەواقیعی ئێمەدا لەنێو ئیشکالێکی گەورەدایە. بۆ جیاکردنەوەی "گلەیی" لە "رەخنە" لێرەدا هەندێ خاڵی جیاوازی دەخەینەڕوو: کاتێ گلەییو گازاندە باو دەبێ، ئەوە وێنەی کۆمەڵگایەکی داخراو دێتە بەر زەینمان، کۆمەڵگایەك هەرگیز بەکێشە راستەقینەکانی خۆی لەو زەمەنەی تیایدایە، ئاشنانییە، هەورەها مرۆڤەکانی زمانی گلەیی بەکاردێنن، وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر دەسەڵات لەبەرئەوەی لەنێو کێشەیەکی درێژخایەن یان قەیرانێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابووریدا بەئاستەم هەست بەمانا راستەقینەکانی ژیان دەکەن، ئەوانەی گلەییش دەکەن زۆر زەحمەتە بگەن بەو مافەی کە داوای دەکەن، چونکە لەسەرەتادا سروشتی گلەییکردن واتە غاییبوونی بەرامبەر، تۆ لە شوێنێك قسە دەکەیت بێئەوەی کەسێکی گوێگر هەبێت کە لە بنەڕەتدا ئامادەبوونی ئەو "کەس"ە پێویستە؟ ئەم حاڵەتەش کە لە دنیای ئێمە دەقی گرتووە پێی دەوترێت "نەبوونی دیالۆگ" بەمەش لایەنی باڵادەست تاڕادەیەك بێئاگادەبێ لەو شتەی کە تاکەکان گەرەکیانە یانیش شێوەی چارەسەری کێشەکان قورس دەکا، چونکە ئەم دەنگی ناڕەزاییە لە پەراوێزەکانەوە دێت، بەڵام رێك پێچەوانەی ئەمە سروشتی رەخنەگرتن شێوازێکی دیالۆگو بەرامبەریانە لەنێوان هەردوولا وەردەگرێ، کە بوارێکی زۆر بۆ دەستنیشانکردنی جەوهەری کێشەکانو لێکحاڵیبوون فەراهەم دەکا، لەبەرئەوەیە کۆمەڵگای کوردی لەهەموو کات زیاتر پێویستی

**بەبوونی ڕەخنەیەکی زانستی بنیاتنەرانە هەیە، کە ئاراستەی گوتاری باو بکرێت لەکۆی پانتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.**

diaryaziz74@yahoo.com